**دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە**

**ژمارە: ١٩٤٠ لە ٢٠٢١/١١/٢٢**

پشت بەست بە حوکمەکانی ماددەی (دەیەم) لە یاسای دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٠ و حوکمەکانی ماددەی (چل و پێنجەم) لە یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠٠٨، ئەم رێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد :

**رێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١**

**رێنمایی تایبەت بە سەربڕخانەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق**

**ماددەی (١):** پێناسەکان

**یەکەم: دەستە:** دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان – عێراق .

**دووەم: فەرمانگە:** فەرمانگەی کاروباری هونەری و فەرمانگەی ژینگەی پارێزگاکان و ئیدارەسەربەخۆکان.

**سێیەم: سەربڕخانە:** ئەو دامەزراوە مۆڵەت پێدراوەیە کە بە ئامێری نوێ و پێشکەوتوو ئامادەکراوە بەپێی ئەو مەرج و مواسەفاتەی لەلایەن لایەنە پەیوەندارەکانەوە دیاریکراون بۆ ئەنجامدانی پشکنین و کوشتنەوەی ئاژەڵ و پەلەوەرەکان بۆ دڵنیابوون لە گونجاوی گۆشتەکەیان بۆ بەکارهێنانی مرۆیی .

**چوارەم: پاککردنەوە (تعقیم):** لەناوبردنی پیسبوون و هۆکارەکانیەتی لە ئامێر و کەل و پەل ودەفرەکان کە لە سەربڕخانە بەکار دەهێنرێن.

**پێنجەم: پاککردنەوە (تطهیر و تنظیف):** لەناوبردنی پیسبوون یان رێژەیەک لە زیان بەخشەکان لەسەر زەوی و دیوارو بنمیچی سەربڕخانە و ئامێرەکانی تیایدا بەکار هاتوون .

**شەشەم: تاقیگە:** شوێنێکە لە ڕووی هونەرییەوە بە کارمەندی پسپۆڕ و ئامێری پێویست دابین کراوە، بۆ ئەنجامدانی شیکردنەوەو تێستی کارگەیی بۆ دڵنیابوون لە گونجاوی گۆشتەکان بۆ بەکارهێنانی مرۆیی .

**حەوتەم: پاشەڕۆشلەکان:** خوێن و ئەو ماددە شلانەیە کە لە ئەنجامی کوشتنەوە و شوشتن وپاککردنەوە و خاوێنکردنەوەی سەربڕخانەکە پەیدا دەبن.

**هەشتەم: پاشماوە ڕەقەکان:** بریتیە لە پاشماوەی کرداری کوشتنەوە و ئەو پارچانەی نەگونجاون بۆ بەکارهێنانی مرۆیی و گۆشتە دوورخراوەکان و پێستە و پەڕەکانیان .

**نۆیەم: ئاژەڵە فەوتاوەکان:** ئەو ئاژەڵ و پەلەوەرانەن کە لەبەر توشبوونیان بە نەخۆشی لەناو دەچن .

**دەیەم: گۆشتە دوورخراوەکان:** ئەو گۆشتانەی گونجاو نین بۆ بەکار هێنانی مرۆیی دوای ئەنجامدانی پشکنین لەلایەن پسپۆرەکانەوە .

**ماددەی (٢): ئامانجەکان**
گەشەپێدانی ئەم ڕێنماییانە بۆ ڕێکخستنی کار لە سەربڕخانەکان بۆ گەرەنتی وەدیهێنانی مەرج و بەرزە فتکارییەکانی ژینگەییە بۆ پارێزگاری کردن لە ژینگەیەکی سەلامەت و تەندروست بۆ هاووڵاتی.
**ماددەی (٣):** سنووردارکردنی شوێنەکان
لەسەربڕخانەکان ئەم مەرجانە پێویستن:
**یەکەم:** شوێنی سەربڕخانەکان پێویستە لە سنوری شارەوانی شارە گەورەکان (٥) پێنج کیلۆ مەتر و لە قەزاو ناحیەکان (٢) دوو کیلۆمەتر و لە کۆمەڵگەی نیشتەجێ بوون و گوندەکان (١) یەك کیلۆ مەتر دووربێت، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئاراستەی باوی با لە ناوچەکە .
**دووەم:** دووری شوێنی سەربڕخانەکە لە هەر سەرچاوەیەکی ئاوەوە لە (١)یەک کیلۆمەتر کەمتر نەبێت .
**سێیەم:** دووری شوێنی سەربڕخانەکە لەو کارگە و پڕۆژانەی بۆنی ناخۆش یان گازی ژەهراوی یان هەر پیسکەرێکی تری لێدەردەچێت کە کاریگەری لەسەر سەلامەتی و گونجاوی گۆشتەکان بۆ بەکارهێنانی مرۆیی هەیە، لە (٥٠٠) پێنج سەد مەتر کەمتر نەبێت .
**چوارەم:** ڕەچاوی ئاسانکاری گەیشتن بۆ شوێنی سەربڕخانەکان بکرێت، بەشێوەیەک بێت زەویەکە تەخت و وشك بێت دوور بێت لە دۆڵ و شێو و گۆماوەکان .
**پێنجەم:** ڕووبەری سەربڕخانەکە لەگەڵ قەبارەی کارەکە و بڕی بەرهەمەکە گونجاو بێت .
**شەشەم:** شوێنی سەربڕخانەکە سەرچاوەیەکی هەمیشەیی ووزەی کارەبا و ئاوی گونجاو بۆ بەکارهێنانی مرۆیی و خزمەتگوزارییە لاوەکیەکانی تر هەبێت لەگەڵ ژمارەیەکی تەواو لە پارکی ئۆتۆمبێل بۆ ئەوانەی سەردانی سەربڕخانەکە دەکەن لە هاووڵاتی و خاوەن کێلگەکان .
**حەوتەم:** پێویستە دووری شوێنی سەربڕخانەکە لە دامەزراوە خۆراکیەکان لە (٥٠٠) پێنج سەد مەتر کەمتر نەبێت .
**ماددەی (٤):** پێداویستیە ژینگەییەکان
پێویستە لە بینای سەربڕخانەکان ئەم مەرجانە هەبێت :
**یەکەم:** بەکارنەهێنانی ئەسبێست یان هەر ماددەیەك کە ئەسبێست لە پێکهاتەکەی دا هەبێت یان هەرماددەیەکی تری زیان بەخش.
**دووەم:** پێویستە قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی سەرەکی لەیەکتر جیا بکرێنەوە وەکو ( کوشتنەوە، پەڕلێکردنەوە، کەوڵ کردن، لابردنی ڕیخۆڵە و هەناو، پارچەپارچە کردن، ساردکردنەوە، بەرگ کردن و کۆگا کردن ) وە پێویستە شوێنی کۆگاکردن بەتەواوی جیاکرابێتەوە و هەواگۆڕکێ ی باش و ڕووناکی بۆ دابین بکرێت، پاراستنی گۆشتەکان لە ژووری ساردکراوەدا .
**سێیەم:** شوێنی پشوودانی کارمەندان و دەستشۆرەکان لە شوێنی جیاکراوە بن ، ڕاستەوخۆ بەڕووی شوێنی گۆشتەکان نەکرێنەوە .

**چوارەم:** پێویستە زەوی ناو سەربڕخانەکە بەجۆرێکی باشی کاشی ڕووپۆش کرابێت و بەرگری لە ترشەلۆکەکان بکات و توانای هەڵمژینی شلەمەنیەکانی نەبێت وە دژە هەڵخلیسکان بێت،باشترە کاشی یان سیرامیکی زبر بێت و بەرگریەکی زۆری داخوران بکات یان لە کۆنکرێتی شیش دار بێت و بە ماددەیەکی نەگەێنەری بەرگەگر ڕووپۆش کرابێت، و سلۆپێکی گونجاوی هەبێت بۆ کۆنەبوونەوەی ئاوی شوشتن و پاشەڕۆکان .

**پێنجەم:** پێویستە دیوارەکان بە کاشی سیرامیك ڕووپۆش بکرێت توانای هەڵمژینی نەبێت و هیچ درزێکی تێدا نەبێت و بەبەرزییەکی گونجاوبێت بۆ پرۆسەی بەرهەمهێنان و لەگەڵ دیزاینی ئامێرەکان گونجاو بێت و ژمارەیەك پەنجەرەی تێدابێت .

**شەشەم:** دابین کردنی هەوا گۆڕکێی گونجاو لە ڕێگای پەنجەرەکان کە لە هەموو لایەکی سەربڕخانەکە هەبێت ، وە دەبێت ڕێگربێت لە هاتنە ژوورەوەی مێش و مەگەز و قرتێنەرەکان .

**حەوتەم:** بیناکە چەند دەرگایەکی فریاکەوتنی هەبێت و ڕاستەوخۆ بۆ دەرەوە بکرێنەوە ، وە پێویستە بەباشی دابخرێن لەکاتی ئاساییدا .

**هەشتەم:** لەبەردەم دەرگاکاندا شوێنی پاکردنەوەی پێڵاوی کارمەندان بەماددەی خاوێن کەرەوە دابین بکرێت لە کاتی چوونە ژوورەوەیان .

**نۆیەم:** دابین کردنی ئاوی تەواو کە پێویستە بە توندی (فشار) دەرچێت و بەپێی مواسەفات و پێوەرەکان بێت .

**دەیەم:** پاککردنەوەی خێرای هەموو شوێنێکی سەربڕخانەکە وە ڕەچاوکردنی پاکردنەوەی ڕۆژانە و پاککردنەوەی ئامێرەکان و زەوی سەربڕخانەکان و هەر کاتێك پێویست بوو.

**یازدەیەم:** دابین کردنی تاقیگەیەکی پسپۆڕی بۆ ئەنجامدانی پشکنینی پێویست بۆ گۆشتەکان بۆ دڵنیابوون لە گونجاویەتیان .

**دوازدەیەم:** دروست کردنی پەرژینێك لە دەوری پرۆژەکە کە بەرزیەکەی لە (٢) دوو مەتر کەمتر نەبێت .

**سێزدەیەم:** دابین کردنی ڕێژەی سەوزایی (٢٥%) لە سەدا بیست و پێنجی رووبەری سەربڕخانەکە بەچاندنی دوو ریز داری بەرز و هەمیشە سەوز .

**ماددەی (٥):** چارەسەرکردنی پاشەڕۆی سەربڕخانەکان بەم شێوەیە دەبێت :

**یەکەم:** پاشەڕۆ شلەکان :

أ. چارەسەرکردنی سەرەتایی

١- جیاکردنەوەی مادده رەقەکان کە قەبارەیان تا رادەیەک گەورەیە لە ڕێگەی تۆڕی ئاسنین کە ژەنگ هەڵنەهێنێت .

٢- ئامادەکردنی حەوزێکی تایبەت بۆ ئامادەکردنی ڕۆن و چەورییەکان کە بە ڕێگەی میکانیکی یان دەست لادەبرێن بەپێی قەبارەی بەرهەمهێنانی سەربڕخانەکە بەشێوەیەك ڕۆن چەوریيەکان نەچنە قۆناغی دواتر.

٣- حەوزی نیشتن: حەوزێك یان زیاتر ئامادە دەكرێت بەپێی قەبارەی بەرهەمهێنانی سەربڕخانەكە، وە بەپێوانەی گونجاو بۆ ئەوەی هەموو ماددە رەقەكان كە لەگەڵ ئاوەرۆكەدان بنیشن، وەكاتی نیشتنەوەی ئاوەكە لە دوو كاتژمێر كەمتر نەبێت، دوای كرداری نیشتن ئاوەكە رێگەی پێدەدرێت بچێتە رێرەوی ئاوەڕۆ بەمەرجێك بەپێی مواسەفاتی كارپێكراو بێت.

ب. چارەسەری بایۆلۆجی: كە بەچارەسەری لاوەكی دەناسرێت بە دوو قۆناغ پێكدێت:

١- چارەسەری لاوەكی: هەموو ئاوی پاشەرۆكان لەحەوزی نیشتنەوە دەردەچێت، لەحەوزێك كۆدەكرێتەوە بە قەبارەیەك گونجاو بێت لەگەڵ توانای بەرهەمهێنان بەمەرجێك بۆ چارەسەری بایۆلۆجی ماوەی راگرتنی ئاو لە حەوزەكەدا لە شەش كاتژمێر كەمتر نەبێت.

٢- قۆناغی نیشتنی لاوەكی: ئاوەكان دوای حەوزی هەوا گۆركێ بە حەوزی نیشتنی لاوەكی تێدەپەرێت، كە قەبارەكەی لەگەڵ توانای بەرهەمهێنان گونجاو بێت و ماوەی راگرتنی لە دوو كاتژمێر كەمتر نەبێت.

٣- حەوزی وشك كردنەوەی قورەكە (سلاج) : هەموو ئەو ماددە رەقانەی لە حەوزی نیشتنی سەرەتایی و لاوەكی ماونەتەوە بە ئامێر ووشك دەكرێنەوە دواتر وەكو هەر پاشماوەیەكی رەقی تر چارەسەر دەكرێت.

**ج.** قۆناغی پاككردنەوە (تعقیم):

١- ئەو ئاوەرۆیەی لە قۆناغی چارەسەری بایۆلۆجیەكە لە بڕگەی (ب) سەرەوە دەردەچێت بەحەوزێكی تردا تێدەپەرێت بۆ ماوەی كەمتر نەبێت لە نیو كاتژمێر بمێنێتەوە لەگەڵ بوونی ماددەی پاك كردنەوە .

٢- خاڵی دەرچوونی كۆتایی: خاڵی دەرچوونی پاشماوەی سەربڕخانەكان لە شوێنی وەرگرتنی ئاو بۆ وێستگەی پاكردنەوەی ئاوی خواردنەوە لە (٣)سێ كیلۆ مەتر كەمتر نەبێت ئەگەر خاڵی دەرچوون لە سەرووی خاڵی وەرگرتنی ئاو بۆ وێستگەی پاككردنەوەی ئاوی خواردنەوە بوو وە لە (١) یەك كیلۆمەتر كەمتر نەبێت ئەگەر لە خوارەوەی خاڵەكە بوو .

**د-** چارەسەری خوێن: خوێن لە یەكەی كوشتنەوەدا جیادەكرێتەوە بە كەناڵێكی تایبەت و لەحەوزێكی تایبەت كۆدەكرێتەوە و دەگوازرێتەوە بۆ كارگەی دروست كردنی پەینی ئۆرگانی ، ئەگەر كارگەی دروستكردنی پەین نەبوو ئەوا لە بێرنەری سەربڕخانەكە دەسوتێنرێت .

**دووەم:** چارەسەری پاشماوەی رەق و شێوە رەقی سەربڕخانەكان :

أ. چارەسەركردنی پاشماوەی رەق و شێوە رەقی سەربڕخانەكان بەم شێوەیە دەبێت:

١- پاشماوە رەقەكان كە لە هۆڵەكانی كوشتنەوە و تۆڕی وێستگەی چارەسەركردن دەمێنێتەوە ، رۆژانە كۆدەكرێتەوە و لە شوێنی جیاكراوە و داپۆشراو دادەنرێت بۆ سوتاندنیان لە بێرنەری تایبەت بە سەربڕخانە یان فڕێدانی لە شوێنی بنگڵ كردنی دیاری كراو بە فەرمی .

٢- هەموو فەوتاوەکان یان پارچەکانی تێکچوو  و نەخۆشی ئاژەڵ و پەلەوەر لە سوتێنەری تایبەت بە سەربڕخانە دەسوتێنرێت.

٣-پاشــماوە نیشــتووەکان کەلەقۆنــاغی نیشــتەنی ســەرەتایی و لاوەکــی و لەحەوزەکــانی ووشــککردنەوەی ئاسـایی یـان میکـانیکی چارەسـەرکراون  وەکـو پەینـی کشـتوکاڵ دەتوانرێـت بەکاربهێنرێت، هەروەها دەتوانرێت لە شوێنی فڕێدانی پاشماوەکان فڕێ بدرێن یان بسوتێنرێن .

٤- رۆن و چەورییەکان کە لە وێستگەی چارەسەرکردن دەردەچن دەتوانرێت لە کارگەکانی پەینی ئۆرگانی سودی لێ وەربگیرێت ، بەڵام پارچەکانی تر یان پاشماوەکانی تر لە سوتێنەر دەسوتێنرێت

ب. مواسەفاتی سوتێنەرەکان ئەمانەی خوارەوەن:

١- توانای سـوتێنەرەکە گونجـاو بێـت لەگەڵ توانـای بەرهەمهێنـانی سـەربڕخانەکە، لەگەڵ هەبـوونی سوتێنەرێکی تری یەدەگ بۆ ئەو کاتانەی سوتێنەری یەکەم لەکاردەکەوێت .

٢- سووتەمەنی سوتێنەرەکە نەوتی سپی یان گازی شل دەبێت .

٣- شوێنی سوتێنەرەکە لەناو پەرژینی سەربڕخانەکە دەبێت لەگەڵ رەچاوکردنی ئاڕاستەی باوی با لە ناوچەکە .

٤- سوتێنەرەکە فلتەری تایبەتی بۆ دابین بکرێت بۆ رێگریکردن لە دەرچوونی بۆن و دووکەڵ .

٥- رەچــاوکردنی بەرزی دووکەڵ کـێش و توانــای بەرهەمهێنــانی ســەربڕخانەکە و  پرۆژەکــانی دەوروبەری ، لەگەڵ ڕەچاوکرنی تۆپۆگرافی ناوچەکە ، پێویستە بەرزیەکەی لە ئاستێکی تەواودا بێـت بـۆ بڵاوکـردنەوەی دووکەڵ لەگەڵ تەوژمـی بـادا ، سـەرەڕای ئەوەی لەم رێنمـاییەدا هـاتووە، لەسـەر سـەربڕخانەکان پێویسـتە پابەنـدبن بەو یاسـا و رێنماییـانەی کە لەلایەنـی پەیوەندیـدار دەرچوون .

**ماددەی** (٦) **:** حوکمە کۆتاییەکان

**یەکەم:** دەستەو فەرمانگەکانی لە رێگەی تیمەکانی پشکنین و چاودێری هەڵدەستن بە چاودێری کردنی بەردەوام بۆ ئاوەڕۆی سەربڕخانەکان بۆ دڵنیابوون لە ڕێـك بـوونی لەگەڵ مواسـەفاتی ژینگەیـی کارپێکراو .

**دووەم:** دەستەو فەرمانگەکانی هەڵدەستن بە چاودێری کردنی بەردەوام بۆ پاشماوەی ماددە ڕەقەکان و کاری سوتێنەرەکان لە سەربڕخانەکاندا.

**سێیەم:** ئەنجامـدانی پشـکنینی ڤێتێـرنەری پـێش و دوای کوشـتنەوە لە لایەن پزیشـکی ڤێتێـرنەری ڕێپێدڕاو لەسەربڕخانەکە، دوای پشکنین ئەو رێگە دەدات بە گونجاوی گۆشتەکان بۆ مەبەستی بەکارهێنانی مرۆیی.

**ماددەی (٨):**

سەرپێچیکاری ئەم رێنماییانە سزا دەدرێت بەپێی یاسایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ ی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان – عێراق وە یاساکانی تری بەرکار لە هەرێم .

**ماددەی (٩):**

کار ناکرێ بەهەر رێنماییەک کەپێچەوانەی حوکمەکانی ئەم رێنماییانە بێت .

**ماددەی (١٠) :**

ئەم رێنماییە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت .

**ئەندازیار**
**عبدالرحمن صديق**
**سەرۆکی دەستە**